# قوتابێتی - 1

## وانەی چوارەم

نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژبکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

ئینجیلی مەتتا

### بەشداریکردن

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەلۆەتی تایبەت بخوێنەوە) لەو زانیاریانەی کە لە خەلۆەتە ڕۆحییەکان فێری بوون سەبارەت بەو بڕگە کتێبییانەی دیاریکراوە بۆتان (مەتتا11: 25 - 14: 36) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداری کردنەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە ڕاستی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوەی دەیڵێت و قبووڵی بکەن. کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

### دەرخکردن

متمانەی نوێژ وەڵام دراوو یۆحەننا16: 24

**بخوێنە:** (زەبووری119: 9-11)

**ئـ ) هاندەری دەرخکردن**

**بدۆزە و گفتوگۆبکە:** گرنگی دەرخکردنی هەندێ ئایەت، یان بڕگە یان بەشەکانی کتێبی پیرۆز چییە؟

**تێبینییەکان:** ئەو ئایەتانەی دەرخی دەکەیت یارمەتیت دەدەن ژیانێکی پاك و پیرۆز بژیت لەم جیهانە چەوتەدا.

**ب ڕامان**

| ئایەتی دەرخکردن | متمانەی نوێژی وەڵام دراوو | نیشانەی کتێبی |
|---|---|---|
| لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | ﴿تاکو ئێستا بە ناوی منەوە هیچتان داوا نەکردووە. داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو خۆشییەکەتان تەواو بێت﴾. (یۆحەننا16: 24) | لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |

**1** واتای ناوەکانی خودا لە کتێبی پیرۆز.

لە سەردەمی پەیمانی کۆن باوەڕداران ناوی خودایان بە ڕاستەوخۆ بانگ دەکرت (خوداوەند) یان (خودا) (زەبووری5: 1-2) هەروەها نوێژەکانیان بە ناوی خودا کۆتایی پێنەدەهێنا. لە کتێبی پیرۆز دەبینین کە ناوەکان واتایان هەیە. بۆیە ناوەکانی خودا ئاماژە بە خودی خودا دەکات. خودا تاکە کەسە کە بە تەواوەتی ناوەکانی لەگەڵی دەگونجێ. هەروەها بوونی ناوەکانی خودا ئەوە دەگەیەنێ کە خودا بە تەواوی خۆی دەناسێ وخودی خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکات. خودا دەیەوێت مرۆڤ بیناسێت و بەرێگای نوێژ پەیوەندیان هەبێت لەگەڵی. بەزمانی عیبری خودا بە (ئەلوهیم) دێت واتە (ئەو توانادارەی کە شایستەی بەرز کردن و لێ ترسانە) (ئیشایا40: 18) (ئیشایا46: 9-11) هەروەها بەزمانی عیبری خوداوەند بە (یەهوە) دێت واتە (منم ئەوەی کە منم) یان (دەبم ئەوەی کە دەبم). ئەمەش ناوی ئەو پەیمانەیە کە خودا لەگەڵ گەلەکەی بەستی بۆ دڵنیابوون لەوەی تاهەتایی ڕاستگۆ دەمێنێ لەسەر ئەو پەیمانە (دەرچوون3: 14-15) (دەرچوون34: 6-7). عیسای مەسیح ڕاگەیاندنێکی بینراوە بۆ خودای نەبینراو (ئیشایا9: 6) (کۆلۆسی1: 15) (کۆلۆسی2: 9). بۆیە ناوەکەی واتای هەیە، واتە ناوی عیسا (رزگارکار)ە (مەتتا1: 21)، واتای ناوی (مەسیح) (سراو- بە رۆنی تایبەت بۆ مەبەستی دەستنیشان کردن). عیسا بەم ناوە ناونراوە چونکە بە ڕۆحی پیرۆز سڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە دوا نێردراو و کاهینی مەزن و شای تاهەتایی. لەبەر ئەوەی نێردراوە ووشەی خودامان بۆ ئاراستە دەکات. هەروەها لەبەر ئەوەی سەرۆکی کاهینانە سزای گوناهەکانمان لەخۆی دەگرێت یارمەتیمان دەدات. لەبەر ئەوەی پادشایە چاودێری ژیانمان دەکات و لە ستەم دەمانپارێزێت.

## 2 **نوێژکردن** بە ناوی عیسای مەسیح

باوەڕداران بە ناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەن چونکە ئەو ناوبژیکاری نێوان خودای باوك و مرۆڤە. نوێژ بە ناوی عیسای مەسیحی خوداوەند سێ واتای گرنگی هەیە:

**ئـا)** باوەڕداران بە ناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەن چونکە داواکارییەکانی شەریعەتی بە تەواوەتی ئەنجامدا بۆ ئەوەی بێتاوانمان بکات لە تێڕوانینی خودا ئەویش لە ڕێگای مردنی کەفارەتی و هەستانەوەی لەنێو مردواندا (2کۆرنسۆس5: 21). کاتێك خودای باوك سەیری یەکێك لە باوەڕداران دەکات، تەنها پاك و بێگەردی عیسای مەسیح دەبینێت! بۆیە خودا وەڵامی نوێژی باوەڕداران دەداتەوە لەبەر ئەوەی بێتاوانن لەبەر عیسای مەسیحی خوداوەند (1پەترۆس3: 12).

**ب)** باوەڕداران بە ناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەن چونکە خودی خودای بۆیان ئاشکرا کردووە. باوەڕداران دەتوانن ناسینێکی کەسی و نزیك خودا بناسن چونکە عیسای مەسیحیان ناسیووە. ئەوەی عیسای مەسیحی بینراو بناسێت، ئەوا خودای نەبینراوی ناسیووە (یۆحەننا14: 9-10)، ئەوەی عیسای مەسیح بناسێ خودا دەناسێ (یۆحەننا8: 19)، ئەوەی باوەڕی بە عیسای مەسیح هەبێت باوەڕی بە خودا هەیە (یۆحەننا12: 44)، ئەوەی عیسای مەسیح قبوول بکات، ئەوە خودا قبوول دەکات (یۆحەننا13: 20). خودا وەڵامی نوێژی باوەڕداران دەداتەوە کاتێك بە ناوی عیسای مەسیحی خوداوەند نوێژ دەکەن.

**پ)** باوەڕداران بە ناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەن چونکە ویستی خودا و ڕێگاکانی بۆیان ئاشکرا کردووە. خودا گوێ دەگرێت لە نوێژی ئەو باوەڕدارانە کە لەگەڵ ویستی دەگونجێن، ئەو ویستەی کە لە عیسای مەسیح ئاشکراکراوە (1یۆحەننا5: 14).
بەم شێوەیە، بەهۆی عیسای مەسیحەوە، باوەڕداران دەتوانن نزیك ببنەوە لە خودا (ئەفەسۆس2: 18). هەروەها هەرکاتێك بیانەوێ دەتوانن لە خودا نزیك بنەوە بە سەربەخۆیی و متمانەوە (ئەفەسۆس3: 12) (عیبرانییەکان4: 14-16).

### پ ) دەرخکردن و پێداچوونەوە

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکان لەسەر کاغزێکی نوێ **بنووسە** یان لەناو پەڕاوی تێبینییەکان.

**دەرخکردن:** ئایەتە کتێبییەکان بە شێوەیەکی ڕاست دەرخ بکە. متمانەی نوێژی پەسەندکراو: یۆحەننا16: 24.

**پێداچوونەوە:** گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی، هەر کەسێك دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێکەی ئایەتی دەرخکردووە.

### وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

**من لە کوێوە هاتووم؟** پەیدابوون1: 1 - 2: 4

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (پەیدابوون1: 1- 2: 4) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** **بخوێنە**

**بخوێنە:** با پێکەوە (پەیدابوون1: 1-2: 4) بخوێنین. با بە نۆرە بخوێنین، بە شێوەیەك هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنی بڕگەکە بە تەواوەتی.

هەنگاوی **2** **بدۆزە**

**بیربکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە بەلاتەوە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە ناو مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەرەوە کە لێیان تێ بگەیت، بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەشداریکردن:** (دوای ئەوەی ئەندامانی گروپەکەت هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن. بیرۆکەکانتان بە نۆرە بەشدار بکەن). با نۆرە بگرین بۆ بەشداریکردنی ئەو شتانەی هەر یەکێك لە ئێمە دۆزیویەتەوە. (ئەمانەی خوارەوە نمونەن بۆ ئەوانەی بەشداری ئەو شتانە دەکەن کە دۆزیویانەتەوە. لەبیرتبێت، لە هەر گرووپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەشداری دەکەن. گرنگ نییە ئەو شتانە وەك یەك بێت).

**دۆزینەوەی 1** بەلایەنەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەو ڕاستییەیە کە لە ئایەتی27 نووسراوە. خودا ژن و پیاوی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە. بەم شێوەیە، من جیاوازم لە ئاژەڵەکان چونکە ئاژەڵەکان لەسەر وێنەی خودا دروست نەکراون. لەبەر ئەوەی من لەسەر وێنەی خودا دروستکراوم، من هاوشێوەم لەگەڵ کەسایەتی خودا، خودا هەندێ لە سیفەتەکانی خۆی بە من بەخشیووە.

**دۆزینەوەی 2** بەلایەنەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەو ڕاستییەیە کە لە ئایەتی28 نووسراوە. خودا بۆ مەبەستێکی تایبەت منی دروست کردووە. بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی نزیکم هەبێت لەگەڵی، هەروەها لەگەڵ کەسانیتر، لەگەڵ سروشت. سەبارەت بە خودا، پێویستە بەشێوەیێك هەڵسوکەوت بکەم ببێتە مایەی شکۆدارکردنی ناوی خودا لەبەر ئەوەی من لەسەر وێنەی خودام. سەبارەت بە کەسانیتر، دەبێت ڕێز لەو جیاوازییە بگرم کە لە نێوان ئافرەت و پیاو هەیە. سەبارەت بە سروشت، پێویستە ملکەجی بکەم و دەسەڵاتدار بەسەری.

**هەنگاوی 3 هەندێ پرسیار ئاڕاستە بکە**

**بیربکەرەوە: چ پرسیارێك ئاڕاستەی ئەم گرووپە دەکەیت، سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییە تێبگەین کە لە (پەیدابوون1: 1-2: 4) نووسراوە، پاشان هەندێ پرسیار بکەین سەبارەت بەو شتانەی کە تێنەگەیشتووین.**

**بنووسە: ئاگاداربە لە داڕشتنی شێوەی پرسیارەکەت کە بە ڕوونترین شێوەبێت. دواتر پرسیارەکە لە پەڕاوەکەت بنووسە.**

**بەشداری بکە: پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوایان لێ بکە بەشداری بکەن بە دەربڕینی پرسیارەکانیان).**

**گفتووگۆبکە: (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵ بدە وەڵامیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).**

**(ئەمانەی خوارەوە هەندێ نمونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەڕێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).**

**پرسیاری 1** ئایا کاری گەردوون چەندی خایاند؟

کتێبی پیرۆز دەڵێت (لە شەش ڕۆژ). بەڵام چۆن شلۆڤەی ئەم شەش ڕۆژە دەکرێت؟ ووشەی ڕۆژ لە زمانی عیبری هەمان واتای ووشەی ڕۆژە لە زمانی عەرەبی دەدات. لەوانەیە مەبەستی (ڕۆژ) لە پەیدابوون1 مەبەستی لە ڕۆژێکی تەواو نەبوو کە ماوەی 24 کاتژمێرە. لە ئایەتی 5 لەسەرەتادا ووشەی (ڕۆژ) ئاماژە بە لایەنی ڕووناکی (ڕۆژ) دەکات لە ڕۆژی پەیدابووندا، پاشان ئاماژە بە تەواوی ڕۆژی پەیدابوون دەکات. لە ئایەتی 14 دەبینین ووشەی (ڕۆژ) سەرەتا ئاماژە بە لایەنی ڕووناکی (ڕۆژ) دەکات لە ڕۆژی ئاسایی کە لە 24 کاتژمێر پێکدێت، دواتر ئاماژە بە تەواوی ڕۆژی ئاسایی دەکات کە لە 24 کاتژمێر پێکدێت. لە (پەیدابوون2: 4) ووشەی ڕۆژ ئاماژە بە تەواوی ماوەی پەیدابوون دەکات، شەش ڕۆژی کاری پەیدابوون لە خۆی دەگرێت! بەم شێوەیە دەبینین کە ووشەی ڕۆژ لێرەدا بە پێنج واتای جیاواز بەکارهاتووە. لە (پەیدابوون1: 27) ئەوە دەخوێنین کە لە ڕۆژی شەشەمی پەیدابوون خودا ئاژەڵی بەدی هێنا کە لەسەر زەوی دەژین و دواتر مرۆڤی بەدی هێنا بە نێر و مێ، ئەوەش کۆتایی ڕۆژی شەشەمی پەیدابوون بوو. بەڵام لە (پەیدابوون2: 15-22)، بە دڵنیاییەوە کاتێکی زۆر تێپەڕیووە لە نێوان بەدی هێنانی ئادەم و **بەدی** هێنانی حەوا. پێش بەدی هێنانی حەوا، کاری ئادەم کارکردن بوو لە باخچەی عەدن. لە ڕێگای بڕیاری خودا کە هاوکارێکی گونجاو بۆ ئادەم دابنێ، لە ناوەڕۆکەوە تێدەگەین کەوا کاتێکی باش تێپەڕیوە بۆ ئەوەی ئادەم پەرۆشی کارکردن لە

خودا هەستی تەنیایی ئادەم کەمبکاتەوە کارێکی گرنگی پێڕاسپارد ئەویش ناونانی هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان بوو. بێگومان ئەمە کاتێکی زۆری پێویست بووە. پاشان کە دووبارە ئادەم هەستی بە تەنیای کرد، خودا هاوسەرێکی بۆ دروستکرد لە نزیکترین بەش لە دڵی. بەم شێوەیە بەشی یەکەمی پەرتووکی پەیدابوون مەبەستی ئەوە نەبوو پێمان ڕابگەیەنێت کە هەر ڕۆژێك لە شەش ڕۆژی پەیدابوون لە 24 کاتژمێر پێکهاتبوو. بەشی یەکەمی پەرتووکی پەیدابوون هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبوو درێژایی ئەو ماوەیەمان پێڕابگەیەنێت کە خودا خایاندوویەتی لە پەیدابوونی گەردوون و زەوی. یان خێرایی خودا لە کرداری پەیدابوون، بەڵکو دەیەوێت دەربارەی ئەم خودا مەزنە شتێکمان پێڕابگەیەنێت کە ئەم گەردوونەی بەدی هێناوە، چۆن بەدی هێناوە، بۆ چ مەبەستێك بەدی هێناوە.

**پرسیاری 2** (1: 1-2) چۆن خودا گەردوونی بەدی هێنا؟

**سەرەتا:** خودای بەتوانا زەوی و ئاسمانی بەدی هێنا. ئەمەش ئاماژە بە بەدی هێنانی هەموو تەنە ئاسمانییەکان و زەوی دەکات. خودا ماددەی بەدی هێنا. بەڵام زەوی شێوەی نەبوو، بیابان و تاریك بوو. زەوی هیچ شێوەیەکی ڕێك و پێکی نەبوو، بەڵکو لە شێوەی لافاوی ئاو بوو. هیچ ڕوناکیەك نەبوو زەوی ڕوناك بکاتەوە. نە وشکایی و نە بوونەوەری زیندوو هەبوو. ئەم دیمەنە وەکو پێشەکیەك بوو بۆ شەش ڕۆژی پەیدابوون. شەش ڕۆژی پەیدابوون ئەو قۆناغە ڕێك و پێکە یەك لەدوای یەکانە نیشان دەدات کە خودا تیایدا پەیدابوونی هەسارەی زەوی تەواوکردووە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیبینین.

**یەکەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 3-5) پەیدابوونی ڕوناکیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بێگومان مەبەست لێرە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕوناکی خۆر و ئەستێرەکانیترە.

**دووەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 6-8) پەیدابوونی بەرگی هەواییمان بۆ ڕوون دەکاتەوە (ئاسمانی باڵندەکان) کە ئاوی هەڵواسراوی هەورەکانی ئاسمان جیادەکاتەوە لە ئاوی خەست بووی سەر زەوی. بەم شێوەیە چینێکی خەست لە هەور زەوی داپۆشیبوو.

**سێیەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 9-13) پەیدابوونی ووشکایی و دەریامان بۆ ڕوون دەکاتەوە. چونکە ئاوی زەوی و دەریا و دەریاچەکان کەم بوونەوە لە ئاستی ووشکایی. لەوانەیە ساردبوونەوەی بە شێنەیی زەوی ئاوەکانی خەست کرد و ئەو تەوژمە بومەلەرزیە بووە هۆی دروست بوونی چیاکان. بە فەرمانی خودا ووشکایی ڕووەك و داری جۆراوجۆری بەرهەم هێنا. بەم شێوەیە جۆرەکانی ڕووەکی پەیدانەبوو بەدیهێنرا. تیشکی خۆر کە ئەو چینە هەورە دەبڕی کەدەوری زەوی و دەریاکانی داوە وای کرد کرداری نواندنی تیشکی (پێکهاتەی تیشکی) شتێکی ئاسایی بێت.

**چوارەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 14-19) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خودا چینی هەوری جیاکردەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بگاتە زەوی، بۆ ئەوەی مرۆڤ (دواتر) بتوانیت چاودێری جولەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان بکات، نابێت کار لەم ئایەتە وەربگێریتە ووشەی (پەیدابوون). خودا خۆر و مانگ و ئەستێرەی لە ڕۆژی پەیدابوون بەدی نەهێنا، بەڵکو کردیە دیاردەیەك لە زەوی بۆ ئەوەی خەڵك (دواتر) بۆ هەژمارکردنی کات و وەرزەکان بەکاری بهێنن. خودا پێش شەش ڕۆژی پەیدابوون خۆر و مانگ و ئەستێرەی بەدی هێنابوو (پەیدابوون1: 3). لە چوارەم ڕۆژی پەیدابوون خودا ڕێکیانیخست وای کرد دیاربن لەسەر زەوییەوە بۆ ئەوەی وەکو ئامێرێکی ئاماژە پێکردن لە ئاسمان بەکاری بهێنن تاوەکو یارمەتی خەڵك بدات لە گەشتەکانیان وەکو (زانینی چوار ئاراستە) و ساڵنامەی وەرزەکانی کشتوکاڵ و ساڵنامەی مێژووی یارمەتی خەڵك دەدات بۆ هەژمار کردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵ. هەموو ئەمانە ئاماژە بەوە دەکەن کە خودا زەوی لەپێناوی مرۆڤ بەدی هێناوە. بەڵام مەبەستی قەبارەی تەنە ئاسمانییەکان ڕوونکردنەوەی ڕاستییە زانستییەکان نییە، بەڵکو ئەو چۆنییەتیە وەسف دەکات کە خەڵك شوێنی خۆیان پێ بزانن لەسەر زەوی.

**پێنجەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 20-23) پەیدابوونی بوونەوەری دەریای و باڵندەکانی ئاسمانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. واتە، بوونەوەرە دەریاییە مەزنەکان، ماسی. هەروەها سەلتەعون، قریدس، هتد...

هەروەها مێروو و باڵندەکان لە خۆ دەگرێ بە جۆرەکانییەوە. ئەوەی سەیرە لە سەردەمی جیولۆجی کمبری ( Cambrian period of geology)، یەکەم ڕێبەری نیشان دەدات لەسەر پەیدابوونی بێ بڕبڕەکان بە شێوەیەکی لەناکاوی سەرسوڕهێنەر. هەروەها هیچ لیستەیەك نییە لەسەر بەش یان جۆری ئاژەڵی ئاوی و ووشکایی کە 5000 جۆری هەیە کە دەگەڕێتەوە سەردەمی بالیۆزی (palaeozic era) کە پێش چینی (نۆیکراوان) (یاخود هەڵکاران، یان پاشماوەی ئاژەڵە بەردبووەکان). کە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی کمبری. کاتێك خودا دەفەرموێت *﴿بەردار بن و زۆر بن﴾* ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یاداشتی بە ئاژەڵەکان دەدا بۆ ئەوەی زۆربن، بەڵکو توانای زۆر بوون و منداڵبوونی پێدەبەخشێن.

**شەشەم ڕۆژی پەیدابوون:** (پەیدابوون1: 24-26) پەیدابوونی هەموو ئاژەڵەکانی سەر ووشکایی بە گوێرەی جۆرەکانیان. هەروەها پەیدابوونی زەوی. نابێت لە ئایەتی 24 ئەوە تێبگەین کە زەوی لە خۆیەوە توانای بەرهەم هێنانی ئاژەڵی هەبوو. بەڵکو خودا ئاژەڵەکانی بە فەرمانی خۆی بەدی هێنا بە بەکارهێنانی ئەو یەکانەی لەسەر زەوی هەن. ئاژەڵەکانی ووشکایی وەکو مەڕ و مانگا و هەموو ئاژەڵە بچووکەکان، هەروەها هەموو ئاژەڵە مەزنەکان وەك شێر و فیل. بەڵام خودا مەبەستی ئەوە نەبوو بەشکردنی زانستی ئاژەڵەکانمان پێڕابگەیەنێت، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو بۆمان ڕوون بکاتەوە چۆن خەڵك (دواتر) سەیری ئەم ئاژەڵانە دەکەن.

---

دەبینین هەر ڕۆژێك لە شەش ڕۆژی پەیدابوون نیشانەی خولی تەواوە: لە سەرەتای هاتنی تاریکی ڕۆژێکی پەیدابوون تا هاتنی سەرەتای تاریکی ڕۆژی دواتر. مەبەستی ڕاستی لە *﴿جا ئێوارە بوو و بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو﴾* کە لە هەر شەش ڕۆژی پەیدابوون دووبارە دەبێتەوە دەرخستنی قۆناغە جیاوازەکانی خودایە لە پەیدابوون. بەڵام مەبەستی نووسەر ئەوە نەبوو ئەم شێوازە وەك سەلماندنێك لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە ڕۆژی باسکراو هەمان ڕۆژی ئێستامانە کە لە 24 کاتژمێر پێکدێت. خودا ماوەی هیچ ڕۆژێکمان بۆ دیاری ناکات لەو شەش ڕۆژی پەیدابوون.

(پەیدابوون2: 1) ڕستەیەکی پوختە: ئێستا پەیدابوونی گەردوونی ڕێك و پێك بەتەواوەتی تەواوبوو.
ئایەتی 2 دەڵێت کە ڕۆژی حەوتەم یەکسەر لەپاش تەواو بوونی خودا لە پەیدابوون دەستی پێکرد.

---

**پرسیاری 3** (2: 2-3) چۆن دەتوانم ڕۆژی حەوتەم تێبگەم کە لە پاش تەواو بوونی خودا لە پەیدابوون هات؟

**تێبینییەکان:** کتێبی پیرۆز ئەوەمان فێر ناکات کە خودا یەك ڕۆژ کە پێکهاتووە لە 24 کاتژمێر پشووی داوە لەگەڵ کۆتایی هاتنی پەیدابوون. لەبەر ئەوەی هیچ ووشەێکی کۆتایی نییە سەبارەت بە ڕۆژی حەوتەم. ڕۆژی حەوتەم وەکو یەکێك لەو شەش ڕۆژی پەیدابوون نەبوو واتا ڕۆژێك نییە کۆتایی هەبێت. خودا گەردوونی لە شەش ڕۆژ دروست کرد و ڕۆژی حەوتم پشووی دا و دواتر هیچ ڕۆژێکی پەیدابوونیتری بە دوادا نەهات.

پەیمانی نوێ ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ڕۆژی حەوتەم بەردەوام بووە تا سەردەمی کڵێسا لەبەر ئەوەی (حەسانەوەی خودایی‌یە). لە (عیبرانییەکان4: 1-11)، وانەیەکی بەرچاو دەبینین کە خودا پاش پەیدابوون پشوویدا. هەروەها دوای ئەوەی گەلی خودا خزمەتیان لەسەر زەوی تەواو دەکەن، دەچنە حەسانەوەی خودایی. ئەو (حەسانەوە)ی گەلی خودا کە لە (عیبرانییەکان4: 9) باسکراوە ئاماژە بە ژیان دەکات لە حزوری خودادا. یان یەکسەر لەپاش مردن یانیش ئەوەیە لەپاش هەستانەوە لەسەر زەوی نوێ. بەڵام ئەم (پشوو)ەی کە خودا ئەنجامیدا لەپاش کۆتایی پەیدابوون ئەوە ناگەیەنێ کە خودا (وازی لەهەموو کارێك هێنا)، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە خودا (هیچ کارێکی تری پەیدابوون ئەنجام نادات). تائێستا خودا چاودێر و دەسەڵاتدارە لەسەر هەموو گەردووندا. (یۆحەنا5: 17) (عیبرانییەکان1: 3).

**پرسیاری 4** چۆن دەبێت بیرکەمەوە سەبارەت بە (مرۆڤی ئەشکەوت) کە پێش هەزارەها ساڵ ژیاوە؟

**تێبینییەکان:** زاناکانی ڕەگەزی مرۆڤ پاشماوەی بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤیان دۆزیووەتەوە کە ناویان لێناوە (مرۆڤی مەیموون) یان (مرۆڤی ئەشکەوت). زانایان پێیان وایە کە مرۆڤی ئەشکەوت لەنێوان (1750000 – 20000) ساڵ پێش ئێستا ژیاوە. بەڵام ئەم زانایانە نایانەوێت بە شێوەیەك تەماشای ئەم بوونەوەرانە بکەن کە تەنها مەیموونن (لایەنی هۆشەوە). چونکە ئامرازی بەردینی دۆزراوەتەوە وەکو (سەرە رم و سەرە تەور) لەگەڵ پاشماوەی ئەم بوونەوەرانە. بەڵام پاشماوەی ئەو بوونەوەرانەی کە بوونە بە خەڵوز، سەڵماندنێکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە ئەم بوونەوەرانە ئاگریان بۆ مەبەستی خواردن لێنان بەکار هێناوە. لە دۆخی پاشماوەی بوونەوەری نیاندرتالی (Neanderthal man) وا دیارە کە چەند بیردۆزێك هەبووە لەسەر ئەوەی کە ئەم بوونەوەرانە مردووەکانیان دەناشت و لە تەنیشتیانەوە هەندێ ئامرازیان دەناشت وەك ئەوەی بڵێی باوەڕیان بە ژیانێکتر هەبووە پاش مردن. لەوانەیە هەندێ پەیکەری سەرەتایی کە دۆزرابێتەوە هەندێ کەشی ئەنجام دەدا، هەروەها هەندێ وێنەی سەرسوڕهێنەر لە هەندێ ئەشکەوت دۆزراوەتەوە کە بنەڕەتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بوونەوەرە نیاندرتالییەکان. وا دیارە کە هەموو ئەم بوونەوەرانە لە (مرۆڤی کرۆمانیونەوە) تاکو (مرۆڤی زینجانسرۆبۆسی) مەیموونی پێشکەوتوون، یان بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ بوونە و بڕێکی باش زیرەکی و ئازایەتیان هەبووە. چونکە لە پلەی یەکەمدا زاناکان جیاوازن لە شێوەی مێژووی نوێ. لە پلەی دووەمدا شێوەی مێژووی بەکارهاتوو هەرچۆنێك بێت، ناتوانرێت مێژووی ئەم بوونەوەرە هاوشێوانەی مرۆڤ هەژمار بکرێت پاش بەدیهێنانی ئادەم و حەوا کە لە (پەیدابوون1-3) ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی ژمێریاری ئەنجام بدەین سەبارەت ئەو مێژووانەی لە (پەیدابوون5)یە دەبینین کە ئادەم لە ساڵی (10000 پ.ز.) ژیاوە بە دوورترین ڕێژە. بۆیە هیچ هەڵبژاردنێك دیکەمان لەبەر دەست نییە جگە لەوەی کەوا دابنێین کە ئەم بوونەوەرە هاوشێوانەی مرۆڤ پێش ئادەم لەسەر زەوی ژیاون.

---

لە (کردار17: 26) نووسراوە کەوا خودا ﴿*هەموو نەتەوەکانی لە یەکێك دروستکردووە*﴾ هەروەها لە (ڕۆما5: 12-21) ئەوە تێدەگەین کەوا هەموو ئەو مرۆڤانەی پاش کاتی ئادەم هاتوونە دەبێت لەوەوە هاتبن لە کاتێك ئەو چووە ناو پەیوەندیەکی پەیمانی لەگەڵ خودا چونکە ئەو نوێنەری هەموو ڕەگەزی مرۆڤە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت هیچ پەیوەندیەکی پاشماوەیی ڕاستەقینە لە نێوان ئادەم و ئەو نەوانە یان ئەو بوونەوەرانە هەبێت کە لەپاشی هاتوون، چونکە هەموو بوونەوەرەکان هاوشێوەی مرۆڤن. ئەوەی پێش ئادەم ژیاوە باپیرانی ئادەم نین لە لایەنی پاشماوەییەوە، هەروەها هاوبەش نییە لەو پەیمانەی لە نێوان خودا و ئادەم هەیە. بەم شێوەیە وەکو باری زۆربەی ئاژەڵە کۆنەکان، ئەو بوونەوەرە هاوشێوانەی مرۆڤ هەموویان مردن و نەمان پێش ئەوەی خودا ئادەم بەدی بهێنێت.

ئەگەر هەرچەند شێوەی ئەو بوونەوەرە هاوشێوانەی مرۆڤ نزیك بووبێت لە شێوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە. ئەمە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە ناوەڕۆکی بابەتەکە، ئایا مرۆڤی ئەشکەوت خاوەنی ڕۆحی مرۆییە یان خودی مرۆیی ڕاستیی بووبێت. بیرۆکەی تێگەیشتراوی ناوەڕۆکی (پەیدابوون1: 26-27)، ئەوەیە کە خودا بوونەوەرێکی بە تەواوەتی جیاوازی بەدی هێنا لە ناوەڕۆکەوە کاتێك کە (ئادەم)ی بەدی هێنا، ئەویش ووشەیەکە واتای (کەس) دێت (مرۆڤ) لە زمانی عیبریدا. (ئادەم) یەکەم مرۆڤە کە خودا لە شێوەی ڕۆحی خۆی دروستی بکات! هەروەها یەکەم مرۆڤە بە واتای نوێی ووشەکە. یەکەم بوونەوەری بەدی هێنراوە کە (دەرون)ی یان (ڕۆح)ی لە شێوەی خودا بێت. هیچ بیردۆزێکی زانستی نییە ئەوە ڕەت بکاتەوە.

---

**پرسیاری 5** (1: 26-27) مەبەست چییە لەوەی ئێمە لەسەر وێنەی خودا بەدی هێنراوین؟

**ئـا مرۆڤ خاوەن ژیانێکی جەستەیی نایەبە:** لە (پەیدابوون2: 7) دەخوێنینەوە: ﴿*جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێك هێناو شنەی ژیانی بە کونە لوتیدا کرد. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو*﴾. لەشی مرۆڤ ( هەروەها ئاژەڵەکان) لە هەمان بابەتی زەوی پێکدێت بەڵام مرۆڤ جیاوازە لە ئاژەڵ کە خودا بە ووشەی خۆی بەدیانی هێنا بەڵام مرۆڤی بە دەستی خۆی پێك هێنا، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ شنەی ژیانی پێ بەخشراوە هەروەك باری ئاژەڵەکان (پەیدابوون2: 7 ، 7: 22) بەڵام خودا شنەی ژیانی بە

فەرمان بەخشییە ئاژەڵ لە کاتێك شنەی ژیانی بە لووتی مرۆڤدا کرد و پێی بەخشی. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیووە بۆ ئەوەی هەناسە بدات و دواتر بژێت.

**ب) مرۆڤ خاوەن سروشتێکی ڕۆحی نایابە:** لە (پەیدابوون1: 26-27) دەخوێنینەوە کەوا بەدی هێنانی مرۆڤ زۆر جیاواز بوو، لەبەر ئەوەی پاش بڕیاری خودای (سێیانە هات) ﴿*با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان*﴾ پاشان خودا مرۆڤی هاوشێوەی خۆی بەدی هێنا، سروشتێکی **ڕۆحی** بە مرۆڤ بەخشی کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی خودا، مرۆڤ لە هاوشێوەی زۆر لە سیفەتی ڕاستەقینەی خودابوو، کەسایەتی هاوشێوە بوو لەگەڵ کەسایەتی خودا، بۆیە مرۆڤ جیاوازە لە هەموو بوونەوەرەکان. هیچ بوونەوەرێك نییە لە بەدی هێنەرەکان هاوشێوە وێنی خودا بێت جگە لە مرۆڤ.

بەم شێوەیە مرۆڤ خاوەنی بوونێکی ماددی و ڕۆحییە، بە واتای دیکە خاوەنی لەشێکی ڕۆحییە. لەشی مرۆڤ زۆر جیاوازە چونکە خودا بەدەستی خۆی پێکی هێناوە. ڕۆحی مرۆڤ تاکە لە نێو گشت بەدی هێنراوان چونکە تەنها مرۆڤ لە سەر وێنەی خودایە.

**پ) مرۆڤ خاوەن پەیوەندیەکی نایابە لەگەڵ خودا:** لە (پەیدابوون1: 28-29) دەخوێنینەوە کەوا خودا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤ دوا، ئەمەش یەکەم جار بوو کە خودا خودی خۆی بۆ مرۆڤ ئاشکرا بکات! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ توانای ناسنی خودای هەیە و دەتوانێت گفتوگۆی لەگەڵ بکات، سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی پێ بەخشی لەسەر هەموو زەوی و پێی فەرموو زاڵبە لەسەر هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، هەروەها بەگەڕخستنی هەموو ڕووەك و دارەکانی پێبەخشیووە. بەمەش خودا ئەم ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە زەوی لەپێناوی مرۆڤ بەدی هێنا، مرۆڤ بوو بە بریکار لەسەر هەموو بەدی هێنراوەکان واتە (گەردوون).

هەنگاوی **4** **جێبەجێکردن**

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداریکردن:** با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو جێبەجێکردنانە بنووسین کە دەتوانین لە (پەیدابوون1: 1 – 2: 4) دەریبهێنین.

**بیربکەرەوە:** ئەو جێبەجێکردنە پێشنیارکراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیت بە جێبەجێکردنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێکردنە کەسییە لە پەڕاوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداریکردنی جێبەجێکردنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گرووپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یان لە خودی ڕاستییەکە جێبەجێکردنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە جێبەجێکردنی پێشنیارکراو).

نموونەی جێبەجێکردنی پێشنیارکراو.

| | |
|---|---|
| (1: 1، 28) | یەکەم و دووەم بەشی کتێبی پیرۆز بڕی ئەو ماوەیەمان پێڕاناگەیەنن کە خودا تییایدا گەردوون و هەسارەی زەوی بەدی هێنا. بەڵکو ئەوەمان پێڕادەگەیەنن کێ هەموو شتێکی بەدی هێنا. لەپێناوی کێ هەموو شتێکی بەدی هێنا – لەپێناوی مرۆڤ کە لەسەر وێنەی خودا بەدی هێنراون. |
| (1: 1- 2) | خودا پێش شەش ڕۆژی پەیدابوون زەوی و ئاسمانی بەدی هێنابوو. بەڵام لەو شەش ڕۆژەدا خودا بەدی هێنانی گەردوونی تەواو کرد لە ڕێگای بەدی هێنان و ڕێکخستنی هەموو شتێك لەسەر هەسارەی زەوی. |
| (1: 11) & (21: 24) | خودا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بوونەوەرە جیاوازەکان لەسەر زەوی لە تۆخمێك نەهاتوون کە پێشتر هەبووبێت، بەڵکو (خودا) بەدی هێنان. |
| (1: 27-28) | مەبەستی خودا ئەوەیە ئەم زەویە پڕبێت لە کەسانێك لەسەر وێنەی خۆی بن. |
| (1: 28) | یاداشتی ڕۆشنبیری خودا بۆ مۆرڤ ئەوەیە پێویستە چاودێری گەردوون بکەن. |

(1: 31) كاتی كۆتایی هاتنی پەیدابوون، هیچ ستەمێك نەبوو لە بەدیهێنەرەكانی خودا! ﴿*خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی كە دروستی كردبوو زۆر باش بوو*﴾.
خودا دەیەوێت شەش ڕۆژ كار بكەین و ڕۆژێك پشوو بدەین لە هەفتە.
(2: 1-2) یەكەم و دووەم بەشی كتێبی پیرۆز چیرۆكێكی ئەفسانەیی نین سەبارەت بە مرۆڤی كۆن یان پەیدابوونی هەموو شتێك، بەڵكو مێژووی گەردوونە كە خودا لە كۆندا بۆ مرۆڤ ئاشكرای كرد. وەك ئەوەی لە (پەیدابوون2: 4) دەیخوێنینەوە.
(2: 4) ﴿ئەمانەش ڕێكخستنەكانی ئاسمان و زەوین كاتێك بەدی هێنران. ئەو ڕۆژەی خوداوەند خودا زەوی و ئاسمانی دروست كرد﴾.

---

نموونەی جێبەجێكردنی كەسی

**ئـا)** من بوونەوەرێكی نایابم لەلای خودا. لەش و ڕۆحم زۆر گرنگن لە دیدەی خودا. بۆیە هەرگیز خۆم بە كەم نازانم، سووكایەتی بە خۆم ناكەم، خۆم **ڕەت** ناكەمەوە، بەڵكو بایەخ دەدەمە ڕۆح و لەش و دەروونم.

**ب)** دەمەوێت بە ڕاستی بایەخ بدەمە ئەو ئەركەی كە خودا پێی ڕاسپاردووم. لەبەر ئەوەی من بەدی هێنراوی خودام، دەمەوێت خودا بناسم و وێنەی ئەو نیشاندەم لە ژیانم بۆ ئەوەی ناوی خودا شكۆدار بێت، هەروەها دەمەوێت ڕێزی جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت بگرم. هەروەها یارمەتی پاراستنی سروشت بدەم.

**هەنگاوی 5 نوێژ بكە**
وەرن با پێكەوە بە نۆرە **نوێژ** بكەین، بە شێوەیەك كە هەر كەسێك بۆ ڕاستییەك **نوێژ** بكات كە خودا فێری كردووین لە ڕێگای (پەیدابوون1: 1 – 2: 4). (سەبارەت ئەو شتانە **نوێژ** بكە كە فێری بویت لەم خوێندنەوەیەدا. مەشق بكەن لەسەر **نوێژی** كورت لە یەك یان دوو ڕستە پێك بێت. لەبیرت بێت كە ئەندامانی گرووپەكەت دەتوانن بۆ شتی جیاواز **نوێژ** بكەن).

## نوێژ

بە نۆرە وەكو گروپ **نوێژ** بەرز بكەنەوە بۆ خودا، وەكو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یان گرووپەكە دابەش بكە گرووپی دووانی یان سیانی و **نوێژكردنتان** بەرز بكەنەوە بۆ خودا وەكو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەركی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

**بەڵێن:** بەڵێن بدە بەوەی یەكێك لە نموونەی جێبەجێكردنی پێشبینی كراو ئەنجام بدەیت.
**خەڵوەتی ڕۆحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی **ڕۆحی** بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (مەتتا15: 1 – 18: 20). شێوازی ڕاستی پەسەندكراو بەكار بهێنە. تێبینییەكانت بنووسە.
**دەرخكردن:** وردبەرەوە لە ئایەتی كتێبی نوێ، پاشان دەرخی بكە. (یۆحەننا16: 24). ڕۆژانە بەو دوو بڕگەیەدا بچۆوە كە دەرخت كردووە.
**نوێژ:** بۆ كەسێكی دیاریكراو یان بۆ شتێكی دیاریكراو **نوێژ** بەرز بكەرەوە و بزانە خودا چی دەكات (زەبووری5: 3).
**زانیارییە نوێكان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەكانت سەبارەت بە (خەڵوەتی **ڕۆحی**، دەرخكردن، وانەی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەركە ماڵییە.